مارەم لێت کرد بەرامبەر بە ئەوەی (لەبەرتە) لە قورئان

لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: من خۆم بە تۆ دەبەخشم (بۆئەوەی مارەم بکەیت). ئافرەتەکە بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوە، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لە من مارەی بکە، ئەگەر تۆ ناتەوێت (مارەی بکەیت). -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا هیچ شتێکت هەیە وەکو مارەیی پێی ببەخشیت؟»، (پیاوەکە) ووتی: هیچ شتێکم نییە جگە لە ئەم ئیزارەم* نەبێت. پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر ئیزارەکەت بە ئەو ببەخشیت (وەکو مارەیی) ئەوا لە کاتی دانیشتندا هیچ ئیزارێکت لەبەردا نابێت، شتێک بدۆزەرەوە؟»، (پیاوەکە) ووتی: هیچ شتێکم نییە. فەرمووی: «شتێک بدۆزەرەوە ئەگەر ئەڵقەیەکیش بێت لە ئاسن»، (پیاوەکە) گەڕا بەڵام هیچی نەدۆزیەوە. پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئایا هیچ شتێک لە قورئانت لەبەرە؟ ووتی: بەڵێ. پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مارەم لێت کرد بەرامبەر بە ئەوەی (لەبەرتە) لە (قورئان». *(ئیزار: ئەو جلەیە لە نیوەی خوارەوەی لاشە لەبەر دەکرێت وەکو شەڕواڵ وپانتۆڵ وهتد

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەندێک حوکم تایبەت بوو بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهیچ کەسێکی تر ناگرێتەوە. لەوانەش: دەتوانێت هاوسەرگیری بکات لەگەڵ هەر ئافرەتێک کە خۆی پێببەخشێت بۆ هاوسەرگیری کردن بە بێ هیچ مارەییەک، ئافرەتێک هات وخۆی پێببەخشی بۆئەوەی ببێت بە یەکێک لە خێزانەکانی. سەیری کرد بەڵام نەیویست هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، بەڵام ڕەتی نەکردەوە بە قسەکردن، هەندێک لێی دوور کەوتەوە ودانیشت، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لە من مارەی بکە ئەگەر تۆ ناتەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەیت. چونکە مارەیی داواکراوە لە کاتی هاوسەرگیریدا، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئایا هیچ شتێکت هەیە وەکو مارەیی پێی ببەخشیت؟. پیاوەکە ووتی: هیچ شتێکم نییە جگە لە ئەم ئیزارەم* نەبێت. وئەگەر وەکو مارەیی ببەخشێت بە ڕووتی دەمێنێتەوە وئیزاری نابێت، پێی فەرموو: (شتێک بدۆزەرەوە ئەگەر ئەڵقەیەکیش بێت لە ئاسن)، کاتێک پیاوەکە گەڕا و هیچ شتێکی نەدۆزییەوە. پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئایا هیچ شتێک لە قورئانت لەبەرە؟)، پیاوەکە ووتی: بەڵێ. پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (مارەم لێت کرد بەرامبەر بە ئەوەی -لەبەرتە- لە قورئان، فێری بکەیت، ئەمە مارەیی (هاوسەرگیریەکەتانە). *(ئیزار: ئەو جلەیە لە نیوەی خوارەوەی لاشە لەبەر دەکرێت وەکو شەڕواڵ وپانتۆڵ وهتد

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6045